ناوی پەرتووک: سەمای عیشقێکی شیرن
دانەر: ڕەسوڵ سوڵتانی
دیزاینی نێوەوە: عەبدوڵڵا عەبدوڵلاپوور (چیا)
ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە.

**ئەم بەرهەمە دەلاقەیەکی نوێیە بۆ ڕوانین لە جوانییەکان بە زمانی وشە.**

**ئەوەی لەبەر دەستتانە و من بە ناوی شێعرەوە پێشکەشی ئێوەی عاشق و جوان پەرستم کردووە، لە ڕاستیدا خورپەی ئەو کات و ساتانەی تەمەنمن کە تێیاندا دیمەنێکی جوان سەرنجی ڕاکێشاوم و من بۆ ئەوەی ڕێزی ئەو کات و ساتە تایبەتییانەم گرتبێ هەوڵم داوە کە لە جیهانی وشە دا بە زیندوویی ژیانێکی نەمریان پێ ببەخشم. چونکی پێم وایە تەنیا لە جیهانی وشەکان دا دەتوانین ساتە پڕ بایەخەکانی ژیانی خۆمان بۆ هەمیشە زیندوو ڕاگرین و لەدەست فەرامۆشی ڕزگاریان بکەین.**

## "دەریا 6"

گەر دەت- زانی دڵت وەکوو
هەر چوار وەرزی دڵۆڤانیت
پاساری یەکی بێ هەوارە
سڕ و زەرد و بێ بەهارە

گەر دەت- زانی جێ هەوارت
بە لافاوی رەشی رقت
بێ ماڵ ئاوایی وێڵ دەکەی
دڵی دەریاکان لێڵ دەکەی

گەر دەت- زانی تریفەی عیشقت
لە سەر سینگی یەکەم هەوراز
دوا ئەستێرەی شەوگار ئەبێ
پشووی بەڵێنت سوار ئەبێ

گەر دەتزانی بەژنی عیشق و
گشت لاواز و کورتە باڵان
قەول و وەفای کاڵ و کرچت
وەکوو چەمی شێعری پرچت

نەدەبوایە ناوی دەریات
با هەر تەنیا ناڵاندبای
نابایە سەر زاری شێعرم
روحی پڕ ئازاری شێعرم

نەدەبوایە وەک خوای ئەوین
خۆت نەکردایە قیبلەگای
خۆت ناساندبا بە هۆنراوەم
ئەم شێعرە سەرلێشێواوەم

**

نەمم دەزانی شنەی بزەت
وەرزی بەهار تیرۆر دەکا
بۆ سەر بڕینی گوڵ و چرۆ
بە ئایەت و سووڕەی درۆ

